

# له چەمكی مێژووی وەرگێڕاندا

**ئا: رزگار سەعید**

له سەدەكانی رابردوودا كۆمەڵگەلێك لێكۆڵینەوەی ڕەخنەیی دەربارەی وەرگێڕان هاتنه مەیدان، بەڵام زۆربەی ئەو لێكۆڵینەوانە هەڵسەنگاندنێكی ئینتباعی (Impressionism) بەخۆوە دیبوو، كە لەڕووی وەرگێڕانەوە له ئاستێكی پێویستدا نەبوون. ئیدی وەرگێڕان بەو جۆره مایەوە، تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و دەركەوتنی یەكەم وەرگێڕانی سەرزارەكی، كە گرنگییەكی تەواوی دەدا به وەرگێڕان. هەرچەنده وەرگێڕەكان خۆیان بەم لێكۆڵینەوانه ناڵێن وەرگێران، بەڵكو تەنها پێی دەڵێن هونەر و هەنوكەش پێی دەڵێن یان دادەنرێت به زانستێك له زانستەكان و پاشان به میتۆدێك له بەردەوام بوونی پرۆسەی وەرگێڕان.

## سەرچاوەی وشەی وەرگێڕان:

سـەرەتـا وتنـی Traduire (لـە شـێوەی کـردان)و لـەسـەر زمـانی فـەرەنـسییەکـان تـەنها ناگەڕێتەوە بۆ پێش سەدەی شانزدەهـەم، بـەڵکو لە ئەسڵدا دەگەڕێتـەوە بـۆ کردارێکـی لاتینـی زۆر دێرین، کە لەسـەر چاوگی Transferreییـەوە هـاتووەو گـوزارەی وشـەکـەش دەگـەڕێتـەوە بـۆ Translatus، بەڵام ناوی وەرگێر لەسەر زمانە لاتینییـەکـەیـەوە بـەکـاری دەهێنرێـت، بـەنـاوی Interpres، ناوی وەرگێڕانیش لە ئینگلیزیدا بە Interpreter دێـــت، کـــە نزیکـــە لـــە Interpèteی فـــەرەنـــسییەوە. ئـــەم زاراوانـــە بەتێکڕا بە واتای ئـەو وەزیفـەیـە دێـت، کـە چۆن تێکستێکی لۆککراو دەردەهێنرێت لـەکاتێکدا ئـەو تێکستە تێگـەشـتنی هـەروا ئاسـان نییـە، یـان بەواتایەکی تر بە کەسێک دەوترێت، کـە ڕێنمایی بێگانـان بکـات لـە وڵاتـی بێگانـەدا. ئـەم جـۆرە کەسانە لە ڕابردوودا و بەتایبەت لە وڵاتی میـسردا پێیـان دەوتـرا دراکومـان یـان بـە زمـانی ئیتـاڵی دروکمان Drogmanno، کە هەر وەکو وشەی تەرجومان وایەو لەوەوە وەرگیراوە، بـەتایبـەت لـە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تـورکی و تا هەنوکەش بەکاردەهێنرێت. بۆچونێکی تر هەیەو دەڵێـــت وشـــەی تـــەرجومـــان لـــە وشـــەی Ragamoی ئاشـــــوورییەوە وەرگیـــــــراوەو بەکارهێنراوە و بەواتای قسەکردن دێت.

وشـــەی دروکمـــان بـــەهـــەمـــان شـــێوە لـــە قوستەنتینییە و وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتدا بەو کەسـانە دەوترا کـە لـەگـەڵ وەفـدێکی ڕەسـمیدا دەهـاتن و کاری وەرگێڕانی ڕەسمییان بۆ دەکردن بـەتایبـەت لە شوێنەکانی وەک قونسوڵخانەکاندا، (ئیـدی لـە ساڵی 1902ەوە بە شێوەیەکی بەربڵاو لـەجێـی وشەی دروکمان وشـەی تـەرجومـان تـوانیی جێـی بگرێتەوە).

## کورتە باسێکی مێژوویی:

کـاری وەرگێـران هێزێکـی ڕاکێـشێنەری دوو جەمسەریـی دژ بـە یـەکـی هـەبـووە بـەدرێژایـی مێژوو، جەمسەرێکیان وەرگێڕانـە حـەرفییـەکـان دەگرێتـەوە و بـەرەی دووەم ڕەتـدەکاتـەوە، زۆر جاریش ئەم بەرەیە ناوی ژنی خیانـەتکاری لـێ دەنێت، بەڵام جەمـسەری دووەم گرنگیـی تـەواو دەدات بە ناوەڕۆک وەک لەفۆرم، وەک دەبینرێت ئەم دوو هاوکێشەیە ناکۆکن، هەرچـەنـدە خـاڵی هاوبەش لەنێوانیاندا دەبینرێت، بـەتایبـەت ئـەو خاڵـە هاوبـەش و سـەرەکییـەی نێوانیـان لـە وەرگێڕانـی کـارە ئـاینی و ئـەدەبییـەکانـدا دەردەکـەون، کاتێـک بـەرەی یـەکـەم دەڤـە پیـرۆزەکـانی یـەزدان وەردەگێـڕن دەبێـت بـە ئـەمانـەت و حـەرفییـەوە بیگـۆڕن، چونکـە هـەر وشەیەک پڕە لە چەندەها نهێنی، بۆیە کەمکردن و هـەڵـە وەرگێڕانـی هـەر وشـەیـەک دەبێتـە کـارەسـاتێکی گـەورە. بۆیـە تـەنها وەرگێڕانـی حـەرفـی لـە سـەدەکـانی داهـاتوودا جێـی باوەڕپێکراو بوو بۆ وەرگێڕانی دەقە ئاینییـەکـان و بـەدەر لـەوە بـە وڕێنـەو لاچـون لـە تێکستە ئـەسـڵییەکـە دادەنـرا. پۆڵـسی پیـرۆز لـە وەسـێتنامەی کۆرنیـشیین (نامـەی یـەکـەم 2:14) دەڵێـت گـەر یـەکێـک زمـانێکی بیـانیی زانی پێویستە لەگەڵ کەسدا نـەئاخافێ و هـیچ بـاس نـەکـات، بـەڵکو تـەنها لـەگـەڵ یـەزدانـدا بکەوێتە گفتوگۆ، ئەم فرمانەش لای موسڵمانان

دیارە (وەک لە نوێژەکانیاندا دەیکەن) و تەنها هەوڵی پاراستن و وتنەوەی دەقەکە بە زمانی عەرەبی دەدەن، ئەمەش وای کردووە لە کاتی نوێژ و خوێندنەوەی قورئاندا ببینرێت، کە چۆن هەر بە زمانی عەرەبییە، ئەمەش پێچەوانەی ئاینی بوزییەکانە و بوزییەکان فرمان دەدەن هەرکەسەو بە زمانی خۆرسکی دایکی خۆی خواپەرستیی خۆی بکات، بەڵام وەرگێڕانی کارە ئەدەبییەکان لە سەربەخۆیی خۆیدا مایەوە (وەک لە سەدەی حەڤدەهەمدا پێیان دەوت ژنی خائین) بەرانبەر وەرگێڕانی حەرفیی دەقە ئەسڵیەکە (وەک لە ڕابردوودا باو بوو، بۆ نموونە، لەلای وەرگێڕەکانی سەدەی حەڤدەهەم) کاری وەرگێڕان ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو پێویستییانە بوو، کە وەرگێڕەکان دەیانبینی وەک ڕوی "ئاوێنە".

پێدەچێت ئەم بۆچوونانە دەربارەی وەرگێڕان ڕویەکی تریشی هەبێت، کاتێک دەبینرێت (ستاینر،1989) باس لە میوزیکدانەر دەکات و دەڵێت: وەرگێڕان وەک ئەو کەرەستانەی بەردەستی میوزیکدانەر وایە لە کەرەستەکانی —کلیل، دەبتەر، نۆتە، ئاواز، مەقام،....— ئەم کەرەستانەش وەک هەڵبژاردنی ستایل وایە لەبەردەم وەرگێڕدا، وەک چۆن بۆ هاوڵاتی وەرگێڕانی میوزیک کارێکی گرانە، بەهەمان شێوە ئەو جیاوازییە بەدی دەکرێت لەنێوان وەرگێڕانی حەرفی و هەوڵدان بۆ دووبارەکردنەوەی دروستبوون. ئەو کارە بەربڵاوو وەرگێڕانانەی سەدەی ڕابردوو وشە بە وشەی ئێستا جارێکی تر گەڕاوەتەوە، لەبواری میوزیکیشدا بەدرێژایی سەدەی نۆزدەهەم میوزیک بەشێک بووە لە پەیامی گەیاندن چ لەڕێی کتێب و ناملکەوە بووبێت تا دەگات بە ئۆپێرا ئەمانە هەموویان حەرفی بوون و پابەندی ئەو پەیامە بوون.

تەنها ستاینر نەبوو کە هەڵسا بەو بەراوردکارییەی نێوان وەرگێڕان لەلایەک و گەیشتنی پەیامی میوزیک لەلاکەی تر، بەڵکو پێشتر ڤۆڵتێر و دولیلی قەشە و پاشان لاربوو کاری چەندانی تر ئەم نموونانەیان بەهەند وەردەگرت. سان سیمۆن و درایدن کاری وەرگێڕانیان بە تابلۆیەکی هونەری دادەنا، بەڵام کاری وەرگێڕان (وێنەی گاڵتەجاری، دوڕیانی گەورە، خائینی، ئاوێنە، پارە، شووشە، ڕەنگاڵەو شەفافی، ژنانی خائین و شێتی) زۆر شتی تری تێدایە.

هەندێک کەس پێیان وایە کاری وەرگێڕان کۆنترین پیشەیەی مرۆڤە، کە مرۆڤایەتی پێی ئاشنا بووە، ئەمەش نکوڵیی لێناکرێت، چونکە لە سەدەمی بابلییەکانیشدا نەخشەکانی ئیلیفانتین و بەردی ڕەشید، کە شامبولیۆن زۆر گرنگیی پێ دەداو نووسینەکانی هیرۆگلیفی لەسەر دەنووسییەوە هەمان کار بوو. ئیدی لەساڵی 1822 بەدواوە کاری وەرگێڕان گۆڕانکاریی بەخۆیەوە نەبینیوە، سەرباری ئەو هەموو ئامێرە ئەلەکترۆنییە هەر ئەمەشە وای لە (کاری 1963) کرد بڵێت: وەرگێڕان پێدەچێت ماوەیەک لە ماوەکان، کۆپیکردنەوە بێت گەر پەنجا ساڵیش بەسەر ئەو وەرگێڕانەدا بڕوات ئەوە هەر خیانەتە بەسەر کارە ئەسڵیەکەدا ئەنجامدراوە. لەلایەکی ترەوە دەڵێت: ئەو وەرگێڕانەی دێتە بەردەستمان و زۆر بە ئەمانەت و بە وردی ئەنجامدراوە، پێدەچێت دوای خۆمان بە سەدەیەک لە زەمەن وڕێنە یەک بێت و هیچ بوونێکی نەبێت.

(لاتیمۆر1966) دەڵێت: لەتوانای هیچ وەرگێڕێکدا نییە ڕەنگی ئەو سەردەمە بڕێژێت کە بابەتەکەی لێوەرگێڕاوە، هەڵەیشە وەرگێڕ ئەو فاکتەرانە بدۆزێتەوە کە هۆکاربوون بۆ دروستبوونی بابەتەکە، لەتواناشیدا نییە، وەرگێڕانەکە بخاتە ناو بۆشاییەوە. ئەم فرمانە پێویستی بە ڕێنماییکردن نییە، بەو پێیە دەبینرێت جێماوەی پێگەکانی ئەلیادەو ئۆریست و بیتاریەی سێیەم پێگەیەکی نەمرن و دەتوانرێت لەو پێگانە وەرگێڕ خۆی قوتار بکات، چونکە هەریەک لەوانە گرێدراوی زەمەنێکی جیاوازن.

(روبین براور) کاتێک دێتە سەر شیکردنەوەی حەوت وەرگێڕانی شانۆی ئیشیل Agamemnon لەو بەشەیدا بەناوی Seven Agamemnons لە کتێبی On Translation باوەڕی بەو وەرگێڕانانەیە، کە وەرگێڕانەکە بوویێتە ئاوێنەی بۆچوونەکانی کەسەکە لە زەمەنی خۆیدا، بەتایبەت ئەو بیرۆکانەی کە لەو سەردەمەدا باون دەستنیشانی بەهای جۆری وەرگێڕانەکە دەکات.

وەرگێڕان لە چاخەکانی ناوەڕاستدا دادەنرێت بە جەستەیەک لە ئەدەبی تەفسیرکردن و توانەوە، دوور لە مەعریفەی زمانی لاتینی. وەرگێڕەکان لەو سەردەمەدا تەنها زمانی لۆکاڵییان بەکاردەهێنا، هەر بۆیە کانتیلیان و شیشیرون وەرگێڕانیان بە فاکتەری (بەدەستهێنانی پاراوەیی) دادەنا، شیشیرون داوا دەکات، پێویستە بۆچوونی وشە بەپێی کێشی وشە بێت نەک بەپێی چەندایەتی.

وەک دەبینرێت فەرەنسییەکان لە کاری وەرگێڕاندا ماوەیەکی زۆریان پێ چوو تا لەو خاڵەیان تێپەڕاند، تا سەردەم و دەرکەوتنی قوتابخانەی مارۆتی Almarouteh (کە تایبەتبوو بە کلیمون مارۆی شاعیر 1496-1544ی فەرەنسی) لە ماوەی سەدەمی ڕێنیسانسدا ئەم قوتابخانەیە هەوڵی لاساییکردنەوەی ئەوانەی پێش خۆی دەدا، پاشان کۆمەڵی لابلیاد هاتن و ئەم قوتابخانەیەیان ڕەتکردەوەو دژی وەستان، سەبارەت بە وەرگێڕانە ئایینیەکانیش تەنها مارتن لۆتەر نوێنەری سەدەی شانزەهەمیان بوو، ئیدی کەسێکی دیارتر بەدی نەدەکرا. ئیتیان دۆلی 1540 بە یەکەم کەس دادەنرێت بۆ تیۆرەزیکردنی وەرگێڕان، دۆلی هاوچەرخی ئیرازموس بوو، ئەم دوو کەسایەتییە هەوڵی زۆریان دا لە جەدەلیەتی فرمانەکانی لاهوتی (ئیرازموس توانیی سەربکەوێت بەسەر وەرگێڕانە یۆنانیەکەی کتێبی (العهد الجدید)، ئەمەش بەتەواوی ڕەفزکردنەوەی وەرگێڕانی لاتینی کتێبی تەورات Vulgate بوو، کە جیروم لە بیت اللحم (390-405) بەئەنجامی گەیاندبوو. ئەم وەرگێڕانە کاریگەریی لەسەر کڵێسەی ڕۆما دروست کرد.

باشیی ئەم کارە دەگەڕێتەوە بۆ مارتن لۆتەر، کە جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی پێویستە دەقە ئایینیەکان بەجۆرێک بنووسرێتەوە تا بەئاسانی خەڵک لێی تێبگات و لەپاشاندا خەڵک پێی ڕابێت. باسنیک –ماک کوایر دەڵێت: لۆتەر لە یەکەم کتێبیدا Lettre circulaire sur la traduction(1530) گرنگییەکی تەواوی دا بە شێوازی گشتی-عامی-، کە خەڵک

بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاری دەهێنن و لەڕووی جوانیشەوە جێی قبوڵکردن بوو لای هەمووان. بۆ هەر هەنگاوێک پێویستە پرس بکەین تا فێرببین، پێویستە بپرسین لە ژنانی ماڵەوە، منداڵانی سەرشەقام، پیاوی ئاسایی ناوبازاڕ. دەبێت بزانین چۆن دەدوێن، تاکو بتوانین وەریبگێڕین (dolmetschen) دەبێت ئەمانە حسابیان بۆ بکەین چونکە ئەم پرەنسیپانە دادەمەزرێن لەسەر:

1.گۆڕینی ڕێکخستنی وشە.
2.بەکارهێنانی شێوازی یارمەتیدەر.
3.بەکارهێنانی گرێبەند لەکاتی پێویستدا.
4.سڕینەوەی زاراوەی یۆنانی و عیبری، کە ناگونجێن لەسەر زمانی ئەڵمانی.
5.هێنانی وەرگێڕان لەکاتی پێویستدا بۆ ئەو وشانەی کە لە ئەسڵدا ئاسانن.
6.گوێزانەوە هێنانەوە بۆ نەهێنان و وەرگرتن.
7.وردی و شارەزایی تەواو بۆ تەفسیرکردنی دەقەکان.

گرنگترین کاری لۆتەر وەرگێڕانی کتێبی پەیامی کۆن بوو لە یۆنانییەوە بۆ سەر زمانی ئەڵمانی. ئەم کارەی چەند مانگێکی خایاند و لە ساڵی 1534دا بڵاویکردەوە، بە هاوکاریی چەند فەقێیەکی عیبری. وەرگێڕانی تەورات پێش لۆتەر تێکەڵگەلێک بوو لە زاراوەی جیاواز، بەڵام لۆتەر ئەو وەرگێڕانەی لە کتێبێکدا کۆکردەوە، تا ئێستا پرۆتستانەکانی ئەڵمانیا بە وەرگێڕانێکی ڕەسمیی خۆیانی دەناسێنن و ئەو جۆرە زمانەش تا ئێستا لە خوێندنگەکاندا بەکار دەهێنرێت. گرنگیی لۆتەر لای ئەڵمانییەکان لەڕووی فەرهەنگییەوە هەر وەک گرنگیی شکسپیرە لای ئینگلیزەکان.



## مارتن لۆتەر

سەدەی هەڤدەهەم تەنها سەدەی وەرگێڕانە (ژنانی خیانەتکار)، ئەدەب حوکمی چێژ دەکات، ئەکادیمییەکان وانەی (بەکارهێنانی ڕاست) دەڵێنەوە، لەسەرو ئەمانەوە ئەکادیمییە گرنگی بە کاری وەرگێڕان دەدات، بیرۆ ئەبلاکور کە ئەکادیمییە ئەندامییەتی خۆی پێدا لە ساڵی 1637دا. باوەڕی بەتینی بەوە هەبوو کە (پاراوەی)و(بەیانکردن) دوو فرمانی زۆر وردو گرنگن. لە هەندێک جاردا زیادکردن یان لابردنی وشە پەیامەکە تێکدەدات. ئەم جۆرە بەکارهێنانە لۆتەر بەکاری هێنا بە کۆمەڵە ئایینیەکانیشەوە، ئەم وێناکردنەش بوو ڕەنگی دایەوە لە شانۆیی Femmes savantesی مۆلەردا. لەمەوە تێدەگەین چەند گرنگە ئەو وەرگێڕانانەی سەردەمی ئەبلانکۆر، کە بەهەند وەرگیراوە و بە ئەمینیان

داناوه، ئەم کارەش بووەتە دەوڵەمەندکردنی زمانی فەرەنسی و بەرەوپێشەوەی بردووە و هەوڵیانداوە ئیدی ئەو وەرگێڕانە فەلسەفیانەی تری پێ ڕاستبکرێنەوە، کە پێشتر بەجۆرێکی تر وەرگێڕدراون تا زاراوەو دەستەواژەی نوێی تێدا دانرێت، واتە بەفەرەنسیکردنی دەقەکان.

ڕەوتی باشی خائینەکان لە سەدەی هەڤدەهەم لە ئینگلتەرەدا بەهەمان جۆر بوو. جۆن درایدن یەکێک بوو لە خوێندکارە ئینگلیزەکان، کاتێک باس لە کاری وەرگێڕان دەکات، ئەم کارە بە سێ ڕێگەی سەرەکیی جیادەکاتەوە:

1- وەرگێڕانی زاراوەیی، یان وەرگێڕانی حەرفی (باشترین نموونەش کتێبەکەی جونسۆنە، کە کتێبی هۆراسی پێ وەرگێڕدراوە Arts poetica..).

2- وەرگێڕانی تەفسیری، ئەم جۆرە وەرگێڕانە هەمان پرەنسیپی وەرگێڕانەکەی شیشیرونە لەڕووی واتاوە، کە دەقەکە دەڵێت: (وەرگێڕانی وتنە بۆ مانا) non verbum de verbo, sed sensum exprimere de sensu

3- وەرگێڕانی سەربەست، ئازاد (مەحەک)، کە بڕیار دەدات لە وەرگێڕاندا شتێک نییە بەدیبکرێت.

4- درایدن ڕێگەی دووەم باشتر هەڵدەسەنگێنێت و بە گونجاوتری دەزانێت لەچاو دوو ڕێگەکەی دی و دەڵێت: پێویستە وەرگێڕ حەدی بێت لە وەرگێڕانی زاراوەیی و وەرگێڕانی ئازاددا، بەهەمان شێوە ئەلیکسەندەر بوبیش هەمان هەڵوێستی هەبوو لەسەدەی هەژدەهەمدا و دەڵێت: پێویستە وەرگێڕ هەوڵبدات هەموو تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ.

دەرکەوتنی یەکەم لێکۆڵینەوەی میتۆدی وەرگێڕان لە سەدەی هەژدەهەمدا لەسەر زمانی ئینگلیزەکان، کتێبەکانی ئەلیکسەندەر فریزەر تیللەر بوو بەناوی Essay on the principles of translation، نووسەر سێ پرەنسیپی دانابوو بۆ وەرگێڕان، ئەوانیش ئەمانە بوون:

1- پێویستە وەرگێڕ پارێزگاری لە فیکری دەقە ئەسڵیەکە بەتەواوی بکات، هیچ نوقسانی نەبێت، بەمەش دەتوانێت جارێکی تر سیاغەی نووسینەکە بکاتەوە.

2- پێویستە وەرگێڕ شێوازێک پەیڕەو بکات نزیک بێت لە شێوازی دەقە ئەسڵیەکەوە.

3- پێویستە وەرگێڕانەکە ئاسان بێت، وەک ئاسانیی دەقە ئەسڵیەکە.

ڕەوتە فەرەنسییەکانی سەدەی هەژدەهەم لەڕووی فیکرو ئەدەبەوە بەوە جیادەکرێتەوە کە بەشەوقەوە دەیانڕوانییە ئینگلیزەکان و هەوڵی فراوانبوونیان دەدا بۆ وەرگێڕان، هەروەک وەرگێڕەکانی سەدەی هەڤدەهەم، کە چۆن کارەکانیان وەردەگێڕا بۆ ئەوەی بیریان نەچێتەوە ئەم جۆرە ڕەسەنایەتییە زۆرجار لەڕێی هۆڵ و گەلەرییەکانەوە کارەکانیان ئەنجام دەدا و باوەڕیان بەوە بوو کاتێک دەقێکی وەرگێڕدراو دەخوێنرێتەوە دەبێت هەست بکەیت ئەو دەقە بەو زمانە نووسراوە، کە ئێستا قسەی پێ دەکەیت هەروەک ئەسڵییەکە. دوای ئەوەی چەمکی ئەمانەتی دەق لە هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەهەمدا بووە چەمکێکی ناوەندیی، ئیدی لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەم چەمکە بووە باوەڕ (عەقیدە)ێکی چەسپیو تا وایلێهات ئەو بابەتەی سوودبەخش نەبێت وەرنەگێڕدرێت،

وەرگێڕانـــی حـــەرفـــیش بـــووە وەرگێڕانێکـــی ئەمانەتی.

بەڵام سەدەی بیستەم ئاستێکی بەرچاو بوو لەنێوان هەردوو بەرەی شووشەی ڕەنگاوڕەنگ (مونان)و شووشەی شەفاف (واتە وەرگێڕانی ئازاد). نابێت ئەوە لەیاد بکرێت، کە سەدەی بیستەم سەرکەوتنی وەرگێڕانی فیکری بوو بەسەر وەرگێڕانی حەرفییە باوەکانی سەدەی نۆزدەهەم. سەدەکانی دواتر لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان زۆر ڕێگەو هەنگاوی جیاوازتری کەشفکرد، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوانە هەر فۆرمی ئینتباعیان پێوە دیاربوو وەک لەوەی وەرگێڕانێکی زۆرباش بێت. وەرگێڕان بەو جۆرە مایەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، کاتێک یەکەم لێکۆڵینەوەی وتنەوە گرنگیی دا بە وەرگێڕان، وەرگێڕەکانیش ئەم کارەیان نەک بە هونەریی دانا، بەڵکو کردیانە زانستێک لە زانستەکان و لەئەنجامدا بە شێوەیەکی بەرنامەیی بەتەواوی بووە پرۆسەی وەرگێڕان.

**ئەو سەرچاوانەی بابەتەکەی لەسەر نوسراوە:**


- کاري ا. (1962): " Pour une théorie de la traduction I"، گۆڤاری Journal des traducteurs، بەرگی حەوتەم، ژمارە 4.
- (1963): Les grands traducteurs Français، جنیف، بڵاوکراوەی Georg.
- (1963): " Pour une théorie de la traduction II"، گۆڤاری Journal des traducteurs، بەرگی هەشتەم، ژمارە 1.
- سیلیسکوفیتش د. (1968): L'interprète dans les conférences internationales، پاریز، بڵاوکراوەی Minard.
- ستاینر ج. (1978): Après Babel. Une traduction poétique du dire et de la، پاریز، بڵاوکراوەی Michel Albin.
- لاتیمور ر. (1969): " Practice Notes on Translating Greek Poetry"، لە کتێبی On translation، نیویورک، بڵاوکراوەی Oxford University Press، 1966.
- باسنیت م.ک (1980): Translation Studies، لەندن، بڵاوکراوەی Methuen
- نایدا ئا. (1964): Toward a Science of translation، نشر E.J.Brill Leyde،
- هورکولان ب. (1981): Anthologie de la manière de traduire. Domaine Français، مونریال، بڵاوکراوەی Linguatech.
- ئەموس ف. (1973): Early Theories of Translation، نیویورک، بڵاوکراوەی Octagon، ت1، 1920.
- برالدی ف. (1976): " Pour traduire un dés coude..."، گۆڤاری Meta، بەرگی 23، ژمارە 1.


بابەتەکە لەم سەرچاوە فەرەنسییەوە کراوە بە عەرەبی.

LAROSE ROBERT

Théories contemporaines de la traduction. Deuxième édition, Québec, Presses de l'Université du 1989.

لەم بابەتەوە ئامادەکراوە بۆ کوردی:

في مفهوم الترجمة وتاريخها-روبير لاروز ترجمة: عبدالرحيم حزل.